Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# نرخی بڕوانامەی مافی کارکردنی پەناخواز لە 1.1.2020 بەدواوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە

نرخەکانی داوای بڕوانامەکانی فەرمانگەی کۆچ لە 1.1.2020 بەدواوە گرانتر کراون. ئەگەر وەکو پەناخوازێک داوای بڕوانامەی مافی کارکردن دەکەیت، نرخی وەرگرتنی بڕوانامەکە 50ئێورۆیە.

پارەی تاوتوێکردنی فەرمانگەی کۆچ لەسەر بنەمای ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ دانراوە. ئەم گۆڕانکارییە لە نرخەکاندا جۆرەکانی دیکەی داوای بڕوانەمەش دەگرێتەوە.

ئەگەر تۆ پەناخوازی ، یان ئەو کەسەی کە کار بە پەناخواز دەدەیت و پێویستیت بە بڕوانامەی مافی کارکردن هەیە، دەتوانی داوای بڕوانامەی مافی کارکردن پێشکەش بکەی. پێویستە لەسەرت پسوولەی پارە دراوەکە یان هەر بەڵگەیەکیتر بۆ نیشاندانی ئەوەی کە پارەی تاوتوێکردنی دراوە بکەیتە پاشکۆی داواکەت.

ئەوەی کە وەکو پسوولە یان بەڵگەی پارەدان قەبوڵ دەکرێت:

- پسوولەی پارەدان، کە دەربیخات پارەکە دراوە.
- پسولەی کرێدیتی کارتەکەت، کە تیایدا دیارە پارەکە لە هەژمارەی بانکەکەتەوە نێردراوە.
- پسوولەی ڕووداوی هەژمارەی بانکییەکەت، کە تیایدا دیارە پارەکە لە هەژمارەی بانکەکەتەوە نێردراوە.

## دەتوانیت داوای بڕوانامە لە فەرمانگەی کۆچ بکەیت

وەکو پەناخوازێک کاتێک کار دەکەی کە مووچەت پێدەدرێ، پێویستە ماوەی مافی کارکردنەکەت بەسەر نەچووبێت. کاتێک کارت دەدرێتێ، لەپێشا بزانە ئایا مافی کارکردنت دەستی پێکردووە و ماوەکەی بەسەر نەچووە.

ئەگەر پێویستیت بە بڕوانامەی مافی کارکردن هەیە، لە وێبپەڕی ئینتەرنێتەکەماندا فۆرمەکەی پڕبکەوە. ڕێنماییەکانی داوای بڕوانامەو پارەدان لەم وێبپەڕەی فەرمانگەکەماندا دەبینیتەوە: migri.fi/todistuspyynnot

ئەگەر داواکەت بەڕێگای ئیمەیل یان بە نامە بنێریت بۆ فەرمانگەی کۆچ ئەوا بڕوانامەکەت خێراتر وەردەگریت. ئەگەر ناتوانیت بە ئیمەیل کاربکەی، دەتوانی داوانامەی بڕوانامەکەت بهێنی بۆ نوسینگەی خزمەتگووزارییەکانی فەرمانگەکەمان.

نوسینگەکانی خزمەتگووزاری فەرمانگەکەمان لە ساڵی ٢٠٢٠دا داواکانی بڕوانامە بەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرن:

- نوسینگەی فەرمانگەی کۆچ لە ناونیشانی Käenkuja لە هێلسینکی ڕۆژانی پێنجشەممە کاتژمێر 16.15 -8 (لە 23.1.2020بەدواوە)
- نوسینگەکانیتر بە ژمارەی نۆرە گرتنەوە لەهەموو کاتەکانی کراوەیی ئیداریدا

بڕوانامەی مافی کارکردن بۆ ئەو ناونیشانە بۆت دەنێرینەوە کە داوتە بە فەرمانگەی کۆچ یان بە ناوەندی پێشوازیکردنی لە پەناخوازی تایبەت بەخۆت. لە نوسینگەی خزمەتگووزارییەوە ناتوانی بڕوانامەکە وەربگریت.

### زانیاری زیاتر

- مافی کارکردنی پەناخواز: migri.fi/turvapaikanhakijan-tyonteko-oikeus
- ڕێنمایی چۆنێتی داواکردنی بڕوانامە: migri.fi/todistuspyynnot
- نرخەکانی تاوتوێکردن و ضانیاری لەسەر شێوە پارەدان لە فەرمانگەی کۆچ زانیاری پارەدان: migri.fi/kasittelymaksut-ja-maksaminen